# حەمەنامە 20 سلێمان عەبدوڵلا یونس / بەریتانیا

دەسست دانان لەسەربرینەکان بەمەبەستی سارێژکردنیان کارێکی مەعریفی و نیشتیمانی و ئەخلاقیشە ، بەڵام ئایا دەست خستە سەر ئەو برینە بەسوێیانەی ، کە هێشتا تک تک خوێنیان لێ دەتکێ ، بۆ مەبەستی کولانەوەیان وەکوو ئەوەی کاک حەمە سەعید حەسەن دەیکات ، چ شەرعیەتێکی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئەخلاقی و نیشتیمانی هەیە ؟ چ جۆرە سەوداو مامەڵەیەکی مەعریفیانەیە ، لەگەڵ ڕەوتی ئەو ڕووداوانەی کە ئەمڕۆ پیویست دەکات بەوردی و ، بەئەوپەڕی ئاگایی و نیەتی کوردستانیانەی ساغلەمەوە ، مامەمەڵەیان لەتەکدا بکرێت ، هەڵوێست فرۆشتن یان وتنی قسەی زل لە واقیعی کوردستانێکی تەواو ویران و تا هەنوکە چارەنوس نادیاردا ، کوردستانێکی گەمارۆ دراو بە نەیار و شەکەت و زامداری جەنگی هەشتا ساڵەی ڕژێمە داگیرکەرە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق و جەولە بەردەوام و شومەکانی شەڕی براکوژی ، کارێکی نەک ئازایانەی مەعریفیانە نیە و شایانی خۆ پێوە بادان و سنگ دەرپەڕاندن نیە ، بەڵکوو کارێکی تەواو ئەنتی مەعریفیانەیە و بە سەدوهەشتا پلەش پێچەوانەی ئەو پەیامە مەعریفی و نیشتیمانی و مۆڕاڵیانەیە ، کە مەعریفە دەبێت دیسکۆڕسی هەماهەنگی و چاودێری خۆی لەقۆناغی ڕزگاری نیشتیمانی دا لە سەر بنیات بنێ .

لە کوردستانێکی پاشکۆی عەقڵی باوک سالارانەی ڕۆژهەڵاتی و پاشکۆی کۆمەڵایەتی و ئایدۆڵۆجی و سەرخان و ژێر خانی ئەو دەوڵە داگیرکەرانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە ، ئەوەندە دیاردەی دژێو ئەنتی پێشکەوتن و نوێخوازی و مافی مرۆڤ هەیە ، ڕووناکبیری کوردی دەستەوستان نامێنی بۆ تیشک خستنە سەریان یان بۆ کارکردنێکی مەعریفی و مۆڕاڵی لەسەریان ، دیاردە دژێوەکان هێندە کەم نین تا ڕۆشنبیرانی کورد بێن بەواقیعێکی خۆرئاواییانە مامەڵەی خۆیان لەگەڵ دیاردە و کێماسیە سیاسیەکانی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان دا بکەن و هەمان ئەو ڕۆڵە وازی بکەن کە گوتاری مەعریفی خۆرئاوا لەگەڵ دامودەزگا دەوڵەتیە مکۆم و چەسپاوەکانی خۆیاندا دەیکەن ،ئەمە ئەو پەڕی خۆ گێل کردنە یان ئەو پەڕی تێنەگەیشتنە لەواقیعی سۆسیۆڵۆجی و سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و هەرگیز ناتوانێ لەئەمڕۆدا جگە لەزیان هیچ بەرهەمێکی بەکەڵکی لێ شین ببێت .

ڕۆژانە دەیان ژن دەکەونە بەر ڕەحمەتی عەقڵی خێڵەکی و بەربەریانەی قانونە جەنگەڵیەکانی عەشیرەت کەلە پەنای بەناو حیزبە مۆدێرن و عیلمانی و دیموکراتیخوازەکانی کوردستانەوە خۆیان وەکوو کەڵەگا مەڵاس داوە و بەناوی پاراستنی شەرەف و شکۆمەندی پیاوانەو بەناوی پاراستنی نەریتە ڕزیوەکانی خێڵەوە نەک هەر ڕەشە کوژی ژنان بێمنەتانە بەردەوام دەکەن بەڵکوو ئەو پەڕی سوکایەتی بە باوەڕ و هێڵی فکری حیزبەکانیان و هەموو بەها مۆڕاڵی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان و مرۆڤایەتیش

دەکەن ، ئایا ئەم دیاردە دزێوانە بایی ئەوەندە گرنگ نین کەببنە بنەمای کارکردن و گوتاری بەناو ڕۆشنبیریمان ، ئایا ئەو تاوانە زابەلاحە کۆمەلایەتیانەی دەرەق بە نیوەی کۆمەڵ و دایکی نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگای کوردستان لەپەنای عەشیرەت حیزبەوە دەکرێن سەدان جار پیویستر نین بۆ ئەوەی لە قاو بدرێن ، وەک لەو فاولانەی سەرکردەیەک یان سەرکردایەتی حیزبێک لە پەنای گەمەی سیاسی‌یەوە وەکوو مجامەلەیەکی سیاسی لەگەڵ بەرامبەرەکانی دەیانکات ؟ ئایا پێویستە دەست لەسەر کام برینانە دابنێین ؟ ئایا ئەو برینانە سارێژ بکەین یان بەشێوازێکی دیکە بڵێم هەوڵبدەین ئەو خوێن بەربوونە بەردەوامە بوەستێنین کە بێ پەروا لەڕێگەی ڕەشەکوژی ژنانەوە خەریکە گیان لە ژیانی نیوەی کۆمەڵگایەکەمان دەستێنێ یان ئەو برینانە بکولێنینەوە کەلە ڕێگایەوە دوور نی‌یە ئایندەمانی پێ بکوژێن .

ئەگەر شالوورەکەی ماڵی خۆمان بەم شێوەیە گۆرانی بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕی براکوژی بچڕێ دەبێ گورگە بۆرەکانی هاوسێمان بەچ لوورە لوورێک ، خۆیان بۆ کەلەوپاچە کردنی ئایندەمان لە بۆسە نابێ ، ئەگەر بەم هەموو تەنیایی و مەرگ و برینانەی جەستەی ڕووتەڵەی خۆمان و نیشتیمانە کەساسەکەمانەوە ، بەو هەموو مێژووە خوێناویی و کارەسات و مەرگەساتانەمانەوە ، ڕووی دەمی برایانە بکەینە ئەو قەڵەمانەی کە گەرەکیانە خەرمانی دەسکەوتەکانی میللەتەکەمان بەناوی ئازادی ڕادەربڕینەوە ، لەجەولەیەکی دیکەی شەڕی نەگریسی کورد کوژی دا بێباکانە گڕ تێ بەردەن ، بەئەوپەڕی ڕاستگۆیی نیشتیمانی و لە گفتوگۆیەکی ئازادانەی ڕووناکبیرانەدا بە دەنگێکی بەرز پێیان بڵێین برایینە تکایە لێرە بوەستن ،تکایە بەرژەوەندی نیشتیمانی و ڕاستگۆیی پەیامی ڕووناکبیریتان بخەنە سەرووی هەڵپەی ناوبانگێکی وەختی و سەربەخۆبوونتان بەپارەی مۆڵ و خەلاتی چەور مەگۆڕنەوە ، ئایا ئەمە بەمەرامی دیزە بەدەرخۆنەکردنی کام تاوانانەیە ، چ سوودمەند بوونێکی تاکە کەسی و کام دەسکەوتی حیزبی لە پشتە ، ڕاستی ئەو خۆرە پڕشنگدارەیە نە بوختان دەتوانێ بەری بگرێت و نە ئەدەبی چەواشەش دەتوانێت لە درەوشانەوەی بخات ، گالیلۆی زانای مەزن و قوربانی ڕاستی و هەڤبێژی کەتاریکبیرو پیاوانی نەزانی و بیری خوڕافیەتی کلێسا ، پەتەکەیان بەتاوانی ڕاستی وتن کردە ملی بەدەنگی بەرز وتی مردنی من هیچ لە ڕاستی سوڕانەوەی زەوی کەم ناکاتەوە ، زەوی هەر لە سوڕانەوە دایە .

Slemanyunes@yahoo.co.uk